کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-10-2007 21:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دووبارە بوونەوەی مێژوو – گەندەڵی – خیانەت و عیلمانی بوونی یەکگرتوو... یان... ئاڤێستا کەریم

پاش خوێندنەوەی چەند بابەتێك لە یەك دوو ماڵپەردا کە باس لە عیلمانی بوون یان نەبوونی یەکگرتووی ئسلامی دەکەن پێش هەمووشتێك ئەو پەندەم هاتە پێش چاو کە دەڵێت " a snake lurks in the grass" مارێك خۆی حەشارداوە (مۆڵ) داوە لەم گیایەدا. بێگومان مار خۆی حەشار نادات بۆ کاری خێر بەڵکو بۆ نێچیرە یان بۆ مرۆڤێکی بێئاگایەکە لەم بابەتەدا دەتوانین بڵێین: مرۆڤی بێئاگا وەکو کورد و حوکومەتەکەی. ئەوەی جێی تێرامانە کە دوای دەرچوونی ئیسلامیەکانی تورکیا لە هەڵبژاردندا، یەکگرتووی ئیسلامی خەریکە خواکەی خۆیانیان لە بیر دەچێتەوە و روو دەکەنە ئەستەنبوول بۆ نوێژ. دەیانەوێت ئەو تەجرووبە دیموکراتیە پڕ بەها و ئەخلاقیەی تورکیا!! کۆپی بکەن لە کوردستان. ئەو دەسەڵاتە ڕەگەست پەرستەی کە نزیکەی 20 ملیۆن کورد بە گیانەوەری چیا ناودەبات بێگومان ئیسلامیەکانیش زۆرینەن لەو رایەدا.

خۆ حەشاردانی ماری یەکگرتوو لەوەدا دەر دەکەوێت کە لە چەند ماڵپەرێکەوە بە مەبەست ڕقی خەڵکی لە حوکومەتی هەرێم زیاد دەکەن و حیزبە کوردیەکانیش بەگەندەڵ و دز... هتد و هەندێك جار لە ناوئەندامەکانیاندا بە بێ باوەڕ ناویان دەبەن. تەنانەت چەند کەس و نوسەرێکیان وا سەریان لێشێواوە وەسفی زەرقاوی و ئوسامەو... مەلاخالقیش دەکەن. زۆر بەروون و ئاشکرایی دەتوانیت بابەتەکانیان بخوێنیتەوەو مارە حەشاردراوەکەش ببینیت ئەگەر بە هۆشیارانە و (تێگەیشتن لە یەکگرتوو) تێی ڕابمێنیت.

زۆر کاری پارت و حوکومەتی کوردی هەیە کە بە ڕاست نازانرێت و ڕەخنەی زۆر هەیە لەسەرۆك و حزب و تەنانەت مرۆڤی کوردیش بەشێکی ڕەخنەکانی بەرکەوتووە. بەڵام هەرگیز حزبێکی وەك یەکگرتوو بە بە دیلی ئەم بارەی ئیستا نازانرێت چونکە:

یەکگرتوو سەرەڕای گەندەڵی مالی و ئیداری جۆرێکی نوێ لە گەندەڵی تێدایە کە لەم دواییانەدا بەروونی پێیانەوە دیارە ئەویش گەندەڵی ئەخلاقیە (مۆراڵ) کە تارادەیەك تاکی کورد لێی بێئاگایە. گەندەڵی ئەخلاقی بۆ یەکگرتوو گەندەڵی دینیش دەگەیەنێت کە بە چەند شێوازێك و چەند ڕوویەك و خۆحەشاردان لە ڕاستیەکان مامەڵە لەگەڵ کار و پرۆژەو هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. ئەوەتا ئەم ماوەیە یەکگرتوو دەزانێت بە بۆنەی خراپی بەڕێوەبردن و گەندەڵیەکانی ناو حزب و حکومەت هەندێك لە برادەران بێزار بوون و وەك بێلایەن دەر دەکەوون ئەوان بە پرۆموت کردنی ئەرکە دینیەکان هەڵدەسن بە ڕاکیشانی ئەو تاك و گرووپانە تەنانەت هەندێ جار حەرامی دینیان بۆ حەلاڵ دەکەن هەروەکو چون ئەوان وەحی تازەیان بۆ بێت وایە. "بەهاوریەکمیان ووتبوو دەتوانی ببیت بە یەکگرتوو وە نوێژیش نەکەیت جارێ". دین و مۆراڵ لە لای یەکگرتوو وەك کالای بازرگانی لێهاتووە هەر ڕۆژە نرخێکی هەیە. جارجاریش وەکو دۆلاری ئەمەریکی بەرزو نزم دەکات ئەوەتا ئێستا حزبێکی ئسلامی عەقیدی زۆر بەشانازیەوە باس لە علمانی بوون دەکات ئەو علمانی بوونەی کە تا دوێنێ کە هەموومان لەبیرمانە 1994 حەرام بوو. ئەم حزبە موسڵمانە وا گەندەڵە!!! شانازی بە عەریفێکی سوپای ئەمریکی و (براین پادێن) ی پەیامێری رادویی ئەمەریکاوە ئەکات. ئەو ئەمەریکایەی کە زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی توندڕەوی ئسلامی دەکات بەواتایەکی تر دژایەتی ئیسلامی سیاسی دەکات.

بەندی حەوتی دەستووری هەرێم پێش چەند مانگێك زۆر بەتووندی و بێ ئاستانە لە لایەن سەرۆکی یەکرتووی ئیسلامیەوە ڕەخنەی لێگیرا و کوردایەتی و حوکومەتی کوردی و مێژووی 2700 ساڵی کوردی گۆریەوە بە دوو رکات نوێژی سوننەت لە لای شێخەکانی مەککە. کەچی ئێستا خۆیان بانگەشە دەکەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ علمانیەت ئەم شێوازە گەندەڵیەکە بۆ گەیشتن دەسەلات. ئەبێت حزبێکی دینی (دین) ی تیادا نەبێت چ واتایەك بدات جگە لە (درۆ و خەڵەتاندن) .

باسکردن و گفتوو گۆ کردن لە علمانیەت لەم هەل و مەرجەی ئێستادا ڕاهێنانی گۆێی کوردە بۆ ئایندەیەکی نزیکی یەکگرتوو کە دینەکەیان دە گۆرنەوە بۆ بەدەست هێنانی چەند کورسیەکی تری دەسەڵات. دزێکی کە (یەکگرتوو) ! بەڕێوەیە بۆ کوردی هەژار ئەم دزەیان جیاوازە، دەستی سوکە هەستی پێناکەیت کە گیرفانت دەبڕێت وە شارەزاترە لە دزەکۆنەکانی خۆمان چونکە ئێمە پاش 16 ساڵ بەو دزانەمان زانی ئایا دوای چەند ساڵ هەڵسوکەتی ئەم دزە نوێیەمان بۆ دەر دەکەوێت. کە بە دزین لە شێخەکانی سعودیە و خەلیج دەستی پێکردووە بە ناوی منداڵی بێ باوك و مزگەوتەوە پارەیەکی زۆر وەردەگرێت و مەمرەو مەژی هەندێك منداڵی بێباوك پاش پێ لە بەرکردنی قورئان و وێنە گرتنیان ناردنەوەی وێنەکان بۆ سعودیە و خەلیج چەند دۆلارە شڕەیەکیان ئەدەنێ. بەشی شێری پارەی بێباوکەکان و مزگەوتەکان بۆ گیرفانی شەخسی و کاری حزبی و دەعوە دەڕوات. ئەوەی ئەگەر بمێنێتەوە پاش منەتێکی زۆر و باسکردنەوەی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا و پاش ئیمزاپێ کردن دەدرێت بە بێ باوکەکان و یەك دوو مزگوتی بچکۆلە. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆ ژان گفتوو گۆ لە گەڵ سەرکردە یان ئەندامێکی یەکگرتوو بکەی ڕاستەو خۆ دەست دەکەن بە منەت کردن بە سەرتا و دەڵێن ئێمە ئەوەندە بێ باوك بەخێو دەکەین و مزگوت و خەستەخانە دروست دەکەین حکومەتی هەرێم ئەوەندە ناکات. کەس نازانێت لە چەند (بڕ) پارە ئەوکارە ئەنجام ئەدەن و چۆن و لە سەر چجۆ رە بەرژەوەندییەك وەری دەگرن. چونکە ئێمە باش دەزانین کە چەند کەسی هەژاری شیعە لە خەلیج دەژین و پارە وەرناگرن. هەروەها شێخەکانی ئەو وڵاتانە ڕابواردنێکی خۆیان بە ملیۆنێك بێباوك و برسی ئەفەریقی ناگۆڕنەوە. ئەرێ؟.. تێمان بگەیەنن ئێوە ئەو هەموو زیرەکیە چیە هەتانە بۆ پارە پەیداکردن؟؟

زۆر ئاشکرایە نرخی ئەو دووفلسە سعودیەی کەوەری دەگرن زۆرە. ئەگەر منداڵە بێباوکەکان ڕاستیەکانی فرۆشتنی کوردستان بەو فلسانە بزانن بە نەفرەتتان دەکەن و لە پارەکان سوك تر تەماشاتان دەکەن و ئەو هەموو منەتکردنەتان لێ قبووڵ ناکەن. نرخی تەنازل کردنتان لە قەومیەت و ئازادی کوردستان و مێژووی کورد و سیاسەتی کورد زۆر بێنرخ و بێئاستە و جێی شانازی نیە!! ئەگەر هەموو بێباوکانی جیهان نەك کوردستان بە خێوبکەن.

گەندڵیە ئیداری و مالییەکانی ناویەکگرتوو ئەگەر لە حزبەکانی تر زیاتر نەبێت کەمتر نیە. بەڵکو هەندێك شێوازی گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی حزبی مومارەسە دەکەن بەناوی برایەتی و لێبوردن و خواپەرستی و (سمع و تاعەوە) کە لەم حزبە علمانیانەدا نیە کە ئێمە ئاشنایانین هیچ نەبێت حزبە علمانیەکان لە لای خواوە ئەندام لق و مەڵبەندەکانیان بۆ دانانرێت. سمع و تاعەش کوێرانەش هیچ بەرهەم ناهێنێت تەنها سەددامیکی ترو عێراقێکی تر نەبێت. وابزانم هێشتا لە دەرهاویشتە سایکۆلۆجیەکانی سەمع و تاعەی سەددام چاك نەبووینەتەوە تا بەبەرگێکی ترەوە ئێوە بێنەوە.

لە کاتی شۆرشی ئیسلامی ئێراندا زۆربەی گەنجەکان لە گەڵی بوون کەچی ئێستاکە زۆربەی ئەوانە و نەوەی تازەش گیرخواردووی دەستی ئەورژێمە ئیسلامیە بۆگەنەن. ئێمەی کوردی گیر خواردوو نامانەوێت گیرێکی تر بخۆین لە سەروو ئەو بارەی ئێستا هەمانە نامانەوێت مێژوو دووبارەبکەینەوە. نامانەوێت ئەحمەدی نەجاد و سەددامێکی تر لە بەرگی سەلاحەدین دا ببینین. کەی یەکگرتوو وازی هێنا لە گەیاندنی پەیامی رق و کینە و بەسوك سەیرکردنی کوردبوون و خستنە پاش بە موسسوڵمانبوونەوە ئەوکاتە لەوانەیە نزیك ببنەوە لە رۆحی مرۆڤی کورد. ئێوە بەدیلی حزبە ئسلامیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چەکدارەکانی کوردستانن بۆ ئەو تاکە ئیسلامیانەی کە جارێ لە جیهاد دەترسن. ئێوە ئەوبەدیلە ئایدیالە نین کە خۆتان ئیدعای ئەکەن ئێوە یەکگرتووی خەلیجی و فکری مسری کوردستانن... مەمان خەلەتێنن و پێمانەوە مەدەن. کە وەك مار بن تەنها دەتوانن کاژەکەتان بگۆرن، سرووشتتان وەك خۆی دەمێنێت. وەکوو ئەم پەندە:

If you don't like your own character there may be a new one ready-made and waiting for you. The snake sheds its skin with impunity ، relying on the same nature ، which you rely on.
Author Unknown
http://kurdistannet.info/2007/10-2007/19-10/gftugo.pdf
http://www.knewsdaily.org/Direje_koment.aspx?Babet=Hewal&Jimare=2552

---

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.